# قسەیەك دەكەم بۆتۆ بۆكەسی ترنا یارە.

**شەهید کەوڵۆسی**

ژیان بەبەریەوە نەماوە.
ئەگینا تەفسیرێکی دیکەمان بۆتەنهایی دەدۆزیەوە!
ئەگەر لەرێگا قاچاخەکانی گوماندا دڵی عەشق لەپێنەکەوتایە
ئەمان توانی مانایەکی دیکە بدۆزینەوە بۆژیان
ئەزانم, هەمووئەوانەی لەسەرئایندە وتمان
هەژاری هۆشیاریمان بوو بۆدواندنی ئێستا,
ئەوەی لەم کوچەدا نەمانتوانی بیلێین
لەشاروشەقامدا سەرمان دەخوات!
یارە,رۆژێک دێت سەلآیەک رات دەچڵەکێنێ..
پیاسەی ئێوارانت وەک نەخشەکانمان بۆسبەینێ تێک دەچێت,
یارە,درەنگ پێیدەزانیت..
دێوانەیەک دەیەوێت بەزیلزال ژیان خەبەربکاتەوە
تۆکەچاوت لەم روناکییەی واقیعداهەڵنایەت
گران دەیبینی ئەسیرێک دەیەوێت بەچەخماخە
عەشق زیندووبکاتەوە.
هیچ لەوەسەختتر نەبوویارە
لەم کۆلآنەتەنگەبەرەیە دڵی عەجولمان
وەک خەونی مندالآنە بشکێت..
دووری لەوەترسناک تر نابێت
کەلەنزیکیدا تامی خوێنی یەکتریمان دەکردو
بەجەستەی یەکداڕامان دەکرد.
یارە,ئەورۆژانە کەتێپەڕین نەمردوون
بەمەعریفەیەکی ترەوە لەئێمەیا زیندوون
لەئێمەیا پێدەکەنن..
لەئێمەدا شەڕدەکەن وئاشت دەبنەوە
نا...،ئەوخەونانە نامرن
کەبەسەرپشتیانابازماندااوامان دەزانی جێمان هێشتوون
یارە,هێزی گەزاف کارانەی ئەوان نەبوایە
, ئێستائەمانتوانی شتێک لەسەربەختیاری بلێین
ئاخرتۆبیرت نایەت..
ئەورۆژانەی مەراق لەسەر ویل لێی دەخورین
وتم دەردی من کەڵەشێرێکی پۆپنە سوورە

هەمووسەری مەراقێک دەخوێنێت
حەکیم خەبەردەکاتەوە,
مەرگ ڕائەچڵەکێنێت وجوودزیندوودەکاتەوە!
ئەوەشدەزانم یارە,ئەگەرژیان بەبەریەوە بمایە
زۆرشت مابوون بۆوتن,
ئەگەر دڵی عەشق لەپێنەکەوتایە
ڕوانینی تر هەبوو بەسەرجوانیدا بکرێتەوە.
قسەیەک دەکەم یارە بۆتۆ بۆکەسی ترنا!
کەنائومێدبویت..
ئاسوودەیی لەچاوی بازێکدا هەڵت دەگرێت بۆدوور,
دوورکەتنەوەی تۆ شەولەخەوێکی درێژڕائەپەڕێنێت,,
هیوای تۆمەیلی گریاندنی نامەیەکەکەبەخواستی تۆنەنوسراوە,
خواستی تۆخواستی ئەودەروێشە کەڵەگەتانەن
کەبەدوای سێبەری خۆیاندا،حەی،حەی،حەی ئەڵا دادووبێدادیانە.
نائومێدی کاتێک پەپولەکانی سەرشانت..
جگەرەبەدیار وەرزێکی دیکەوە ئەکێشن کەتۆلێرەنابیت.
لێرەنابیت گۆزەکان دەبرێنەسەرکانی عەشق و
لەسەرشانی گومان بەرئەبنەوە
وەک کەرت بوونی چاوی بازەیاخییەکەت ئەشکێن.
لەماڵێ لەوگوندە لەوشارە..
قەترەیەک عەشق گران ئەگاتەسەرزارێ, یارە.
نائومێدی بەدیار دەرکەوتنی یەکەم خولیای ئاسکێکەوە
بۆچوونەسەرمەزار!
بەدیار پێگەیینی نۆبەرەی ماچێکەوە پیرئەبیت,
بەدیار بەتاڵ بونەوەی دەست نوێژی خەونەکاتەوەپیرئەبیت,
قسەیەک دەکەم بۆتۆ بۆکەسی ترنا یارە,,
ژیان لەدوورەوە جوانە...!

زستانی/2005

فرنسا